گەلەری ئەنفالی هونەرمەندی جیهانی: (عوسمان قادر ئەحمەد)

نوسینی: سەلاح جەلال

چۆن زمانی پرسیار بدۆزینەوە؟ لەکوێوە دەست پێ بکەین؟ بەچی زمانێك رۆمانی کەوتنە خوارەی رۆحی هەزارەها زیندەبەچاڵی بەر ئاگرو خۆڵ و خەردەل بنوسینەوە؟

چی کامێراو وێنەیەکی فۆتۆیی دەتوانێت ئەو دیمەنە نەبینراوانەمان نیشان بداتەوە؟ وێنەی ئەو ساوایانە وێنا بکاتەوە بەمژینی مەمکی وشکی دایکیانەوە چلمی مەرگیان هەڵدەمژییەوە، ئەو ژن و پیاوانەی لەناو هاواری تێزاباوی دەروندا لاڵ ببون، چی ئامێرێکی گەردونی دەبێت هاوارو نوزەو گریان و لاڵانەوەو دەنگی مەرگەساتی هەزارەها جیابکاتەوەو ئەو وێنانە فۆتۆ بکاتەوە؟

ئەم مەنفای بەخۆڵ خۆڵێنەی خۆڵەپەتانێی گیانی سەدو هەشتاو دو هەزار مرۆڤی سپیلی بۆ ئاسمانەکان هەڵفڕاند، دەنگ و نوزەشیان بەڕەگ و تیرەی زەوییەوە بڵاوبوەوە. ئەو فیلمە کتوپڕیانەی بە گەردەلولی زەمەنەوە نەتەوەیەکی داپۆشی و جیهانی سەرسام کرد نانوسرێنەوە، جیمیس یۆب و مانگی دەستکرد و میکرۆسۆب وێنەی نەگرتن و کاغەزو قەڵەم و تەکنەلۆژیا ناتوانن ئەو سیناریۆیانە وێنا بکەنەوە، بەحەقیقەتی خۆیانەوە بەبیستن و وێناکردنی فەلسەفییەوە بەهۆکاری تەکنیکی گەڕانەوەو ئامارو دابەشبون و جێگۆڕکێ منی بیرکەرەوەی دیکارتیان گۆڕی بۆ ئێمە توانینەوەو ئێوە بیر بکەنەوە.

ئەم منە لێرە گۆڕدرا، بەمێژو فەلسەفەی جینۆسایدی سپیلەوە دەنگی منیان لەبیرکردنەوەی خۆیانەوە خنکا، بون بە ئێمەی بیرکەرەوە لەبیرەوەریدا تۆڕی ئاماژەیی و سونبل و رەمزی نەمری.



**ستۆدیۆی گەلەری هێڵکاری( عوسمان قادر ئەحمەد)**

زەمەنی نوسینەوەی مێژویەکە لەخوێن و ڕۆح و ڕوانیندا ناونیشانیان ماوە، خومخانەو تیشکی تەلێکسی زەمەنێکی زیندە بەچاڵی مەرگەساتی ڕژێمی خوێن ڕێژی بەعس بو لە(نوگرە سەلمان و بیابانی عەرعەر)کاروانی سەردەمێکی شوم.

لەبری چاوی کامیراو بەشەکانی میدیا وێنە و فیلم و ڤیدیۆو دیکۆمینتاری لەچاوی هونەرمەند(عوسمان قادر)دا وێنا کران، بەو ژانە سەختەوە توانی بەکۆڵنەدان لەڕۆحەوە ئەو وێنانە لەهێڵکارییەکانیدا بکێشتەوە، بەتێکەڵابونیان بەناخ و هەست و نەستی مرۆڤایەتییەوە، بەجیهانیان بناسینێت. لەوێنەی تەعبیرییەکی هەستیارەوە باس لە گێڕانەوەی ئازاری خەڵك دەکات، لەیادەوەرییەوە بۆ وێنە بۆ ئەو وێنانەی تر هیچ وێنەیەکیان بۆ نییە.

ئەم ژورە ستودیۆ گەلەری هێڵکاری(عوسمان قادر ئەحمەد) لەبەکرەجۆ لەگۆگڵ ماپڕجستەر کراوە(studio gallery osman ahmed)

ئـەو گەلەریەیـە وێنـەی واقیعـی مەرگەسـاتی ئـەو سـەردەمەی کیشـایەوە، بەپیشـاندانی کـاری هونـەری و ئـەزمونی دۆکمـەنتکردنی نەهامەتییـەکانی جـەنگ. یەکـەمین پیگـەی گرنگیدانـە بەهونـەری هێڵکـاری لەناوچەکەدا بەگشتی.

فەزای ژوری هونەری لەروانینی من و تۆو ئەوانەوە فراوان دەبێتەوە بۆ سنوری بـەرەو بـێ کۆتـایی، بـەرەو کوژاندنەوەی روناکی و بینین. ژورێك فەزای جەنگی جیهانی سێیەم و پانۆرامای بون دەکات، یاخود چرۆی زیندو بونەوەی هەناسەکانی تێکەڵ بەخۆڵ دەبنەوە بەهۆمیرۆس و جارێکی تر هاوار دەکەن.

چۆن بتوانین بەوشە باس لە پیرۆزییەکانی گەلەرییەکی خۆبەخش بکەینەوە وێنەی سەردەمی مەرگەساتی میللەتێك بکێشێتەوە؟ چۆن روبەڕوی ئەو هـەمو رۆحـە هەڵفڕیوانـە ببینـەوەو بچـینە نـاو ئـەم گەلەریـەوەو سەیری وێنە هێڵکارییەکان بکەین؟ دەبێت بەشیعرەکەی سالمەوە چرایەکی رۆحی دابگیرسێنین:

(بەحەیا بیرە حزورو بەئەدەب سوژدە بەرە
خەڵوەتی دولبەرە سالم ئێرە مەیخانە نییە؟)



**هونەری هێڵکاری چیە؟**

هێڵکاری هونەرێکی میم ڕێژکراوە، بەو رەنگە تەلەسکۆبە فیزیاویانەی هەیەتی، لەزمانی شاراوەی فەزای وێنەییدا ئیستا دەباتەوە ناو رابردویەکی ئامادەو روداوە دڵ تەزێنەکان زیندو دەکاتەوە، رابردویەك ناتوانین لێی جیاببینەوە، لەگەڵ بیرو هۆش و نەست و هەستماندا تێکەڵاو بووە. وەك پەلکە زیرێنەی هونەری بەڕەنگەکانیەوە فەزا دەگرێت و زمانی سیمۆلۆژی بەروی جیهاندا دەکاتەوە، وێنەکان شارێکی رابردویی لە روانیندا دروست دەکەنەوە. ئەوە ئێمەین، ئەوە باب و باپیرانن، ئەوە ئەو کارەسات و جینۆسایدەیە لەزەمەنێکدا کراوە بۆتە هەوینی زەمەنەکان، بەبێ کۆتایی لەگەڵ نەوەکانی ئایندەدا زیندو دەبنەوە.

ئەم هونەرە زەمەنێکی دریژی لە مێژوی جیهاندا هەیەو سەرەتا ریشەی لە زانستەکاندا هەبووە بە وێنەی درەخت و رەگ و ئەستێرە ناسی و دوایی هێڵکاری سەرکردەو پاشاکان و سەدە بەسەدە فراوانتر بووە.

زیاتریش پێشکەوتنی زۆری لەکلتوری ئیسلامیەوە ماوەتەوە، سەرەتا بەنەخشەسازی دەستی پێکردووەو نوسراوە، لەقورئانی پیرۆزدا کلتورێکی گەورەیان بەجێهیشت، هەتا ئەم شێوە کلتورە ئیسلامییە لەمۆزەخانەو کتێبخانەکانی جیهاندا پارێزراون، زیاتر لە سەدو بیست و چوار هەزار هێڵکاری لە شاری ئیستانبوڵدا هەیەو لەمیسرو تونس و مەغریب و هیندستان و ئێران و زۆربەی وڵاتانی تری جیهانیشدا داندراون. هەتا ئێستا زیاتر جێگەی بایەخن(الآیسیسکۆ) هەوڵدانی گرنگی زۆر دەزگای نیشتمانی و نێودەوڵەتی و رێکخراوی جیهانی ئیسلامی و یۆنسکۆیە بۆ پاراستنی هەمو هێڵکارییەکان.

ئەم هونەرەیش جیاواز لەهونەرەکانی تر، لای هونەرمەندانی ئیسلام زۆر پێشکەوت و داهێنانیان لەسەر کرد، لەرێی رازاندنەوەی رەنگی ئاڵتونی و رەنگەکانی ترو جوانی و قەشەنگی ئەم هێڵکارییەیان گەشە پێدا بۆ وڵاتانی تر گوازرایەوە. یەکەم جاریش خەلیفەی موسڵمانان(المستنصر باللە)لە ساڵی ٣٠٢_٣٦٦ نوێنەری خۆی ناردووە بۆ رۆژهەڵات بۆ کڕینی پێویستی ئەم هونەرەو کۆمەڵەیەکیشی بۆ نوسەرانی ئەم

هونەرە کردۆتەوە. هەمو هێڵکاران و وێنەگران و نوسەرانی گرتۆتەوەو چالاکی و گەشەیەکی گەورەیان دەست پێکردووە.

سەرەتایش هێڵکارییەکان زیاتر لە زەخرەفەو یەکەی نەخشەکیشانی جیاواز لە زەخرەفەی رووەکی و نوسراوەیی ئەندازیاری منمنمات و وێنەو شیوازی تر دەستی پێکردووە. بەدەست لەسەر کاغەز یان گەڵای زەل یان لاپەڕەو سیرامیك و شوشەو منمنمات ەوە دروست کراوە.

لەکۆندا دیاریکردنی مانای هێڵکاری لەتەنەکاندا یان شێوەکاندا هەڵگری ئەوە بون واتای هێڵکاری نزیك دەبوەوە لەو واتایانەی ئاسانن .

بەڵام لەچەرخی نویدا هێڵکاری لە دەرفەتی هونەریدا دیاری دەکرێت، لەرەنگەکانی تەڵایی وەك زەیتی و تامبراو ئەکریلیك و کۆمی تواوەو فرمێسك و رۆنە پێکهاتەییەکان . زیاتر فلچەی رەنگ کردن و چەقۆو سکب و پەڕ بەکار دەهێنرێن.

هونەری هێڵکاری الرسومات دەستەواژەیەك بو بۆ خزمەت گەیاندن بەهونەری شێوەکاری، لە چەرخی نۆزدەدا وەك هۆنەرێکی سەربەخۆ ناسرا، وەك بەشێکی بنەڕەتی تابلۆ دادەنرێت، لە رەنگە ئاویەکان و هەمو شێوەکانی باستیل و یان قەڵەمدانی مۆم بن.

وشەی وێنەگرتن التصویر واتایەکی دیاریکراو فراوانی هەیە، بەگشتی هێنانی وێنەی فیکرییە لە هۆکارە دروست کراوەکانەوە، دیسان وێنە واتایەکی فراوانتر دیاری دەکات، بەگشتی هێنانێکی ئالۆزە ئەگەر دروست کراو یان سروشتی یان خەیاڵ کراوبێت، وێنەی زیهنی بن یان وێنەی خەیاڵی یان مەجازی بن، وێنەگرتنی ئەو خەیاڵ کردنەیە بۆ ئیدای وێنەگرتنی فۆتۆگرافی، کامێرا وێنەیەکی فیکری یان جوڵاو وێنە دەگرێت لەڕیی ڤیدیۆوە دەبێت. وشەی وێنە بەوشەی فۆتۆگرافییەوە دەلکێت شێوەی وێنەکە دیاری دەکات.

هونەری هێڵکاری لەناواخنی ئەم فەرهەنگەوە لەماوەی هونەریەوە خراوەتە سەر هونەری تەشکیلییەوەو واتای فەرهەنگی بۆ هێڵکاری (الرسم)ناونراوە. هێڵکاری بەبەکارهێنانی پێکەوە لکاندن و پێکهاتەیی الفسیفساو(مۆزاییك رەنگاڵەیی) و کۆلاج و شوشەیی المعشق، بەڵام هێڵکاری لە زەمانی جێماوەیەکی زیادەڕۆییە لەدیاریکردنی ئەرکی جیماوەکە و لەسەرتەختەکان ناو دەنرێن بەلابردنی جێماوە دەست نوسەکە بەبەکارهێنانی فەزا.

عوسمان ئەحمەد قادر کییە؟

کاراکتەری کارەساتە سەختەکانی ئەنفال و تاریکی ئەو رۆژگارانەیە لە شەپۆلی توانەوەی رۆح ەو جەستەدا بە دوربینێکی تەلێکسی ئەفسانەییەوە چاوی لەو وێنە ترسناکانەدا بو زریێ پۆش و ستونی ئۆتۆمۆبیلە سەربازییەکان بەزەبری چەك منداڵ و ژن و ساواو شیرە خۆرەو پیرو لاویان دەپێچایەوەو راپێچیان دەکردن بۆ ناو زیلی سەربازی، ئەو وێنانە هەر لە روانیندا نین کاتێك تێکەڵ دەبن بە چیرۆك و رۆمان و ئۆپیراو موزیکی جۆراو جۆر لەوشەو رستەو هاواری ناخ و تەقینەوەی دەروندا وەك بورکانێك لەو چرکەساتانەی بەرەو مەرگ دەبرێن، ئەو فیلمە ترسناکانەی رەوی ئەو رێبوارانەی مەرگ بون لە فیلمەکاندا جیگەیان نابێتەوە، چۆن شەرواڵ و مراد خانی و جلی ژنانەی کوردەواری بە تێکەڵی گەردەلولی تەپو تۆزی ئەو سوپا بێ شومارەوە بلاو دەبونەوەو تێکدانی گوندو خانوبەرەو رەزو باخ و هەمو شوێنەوارو پاشماوەیەك دەسوتیندران و هەزاران سڤیل دەکرانە خۆراکی زیندویی تاریك ترین زەمەن و بون بە فۆرمێکی سروشتی و سروشیان دەدا بۆ بینەران.

ئەم وێنەو فیلمە سینەماییانە لە شەپۆلەکانی بونەوە دێن تێکەڵی هەست و نەست دەبن ، کێ دەتوانێت جارێکی تر وێنایان بکاتەوە؟

ئەوە ئەو دەفتەرە ونەی مێژووە، (عوسمان ئەحمەد قادر) لەبری کامیرا و هەمو هۆکارەکانی میدیا بو بەدەریالوشی ئەو فیلم و وێنانە. هەڵمژینی کیمیاوی و بۆنی باروت و ئاسن و فیشەك و خوێن و عارەق و

شەونخونی ڕۆژانی مەرگەسات بون بەهەوێن و خامەی خاوی واقیعی و روانین و هەست و نەستی بەوێنەی ئەنفال مۆمیا ببو. وەك وێنەی كۆتایی بون تابلۆی مەرگەساتیان كیشاوە وەك چاودیری هەمو روداوەكان لەگەڵ ئەو پۆلە پیشمەرگە گیانبازانەدا گەڕاوەو وێنەی رۆحی ئەو مەرگەساتەیان بەچاو گرتووەو لە رۆحدا شۆردویانەتەوە بە وێنەو فیلمی تراژیدی جینۆسایدی سەدەی بیست و یەك. سەرتاپای سێكچ و كانڤاس و كارتۆن و ماتریالەكانی تریان داگیر كردووەو ژینگە بۆتە فۆڕمێكی شویندراو هەوڵی زیندوبونەوەی ئەو جەستە بێ گیانیانە دەدات چۆن زیندە بەچاڵ كران؟

هونەرمەند پێشمەرگەیەكی بێ چەك بووە.

ئەو وێنانەبون بەمۆمیای كارەساتەكان و كامێرایەكی خۆكردیان دروست كرد لە روانینی و نیگای هونەرمەند لەتاق لاویدا بووە بەكامێرا.

ئەو رۆژانە هونەرمەند پێشمەرگەیەكی بێ چەك بووە، لە مەڵبەندی رێكخستنی یەكی سلێمانی، وەك مورویەكی ئاوداری چاخەكان ویستویەتی رەشەباو گەردەلولێكی گەردونی هەڵبكات و ئەو رژێمە دیكتاتۆرە بڕوخێنێت، رۆژانە بەفرمێسك چاوی شتووەو گریەو هاواری لەناخیدا كردۆتە بوركان و بڕیاری داوە ئەو فیلمانە وێنا بكاتەوەو بە جیهانیان بناسێنێت.

بەو هیوایەوە لە قەندیلەوە بۆ بەشی راگەیاندن دەگوازرێتەوە لە سەقز لەگەڵ هونەرمەندان و نوسەرانی تری وەك( رەمزی قوتبەدین) و(رێبوار خالید)و( رێبوار سەعید)دەست بە كاری ئەدەبی و هونەری دەكەن. وەك كارمەند لە گۆڤاری رەنگاڵە و كەلتور لە بەشە ئەلبومەكانیان هێڵكاری بڵاودەكاتەوە. لە شاری سەقزیش بەمامۆستای هونەر دامەزراوە، بەو هۆیەوە ناسنامەی بۆ دروست كراوەو توانیوێتی بۆ هەمو شارەكان بڕوات و چالاكی بكات و پەیوەندی بەگەلەرییەكان و دام و دەزگاكا هونەرییەكانەوە بكات. بیرۆكەی دیكۆمینتەری لەسەر كەمپی منداڵانی هەڵەبجە لە زێوێ نزیك سەقز دەكاتەوە. لە تارانیش پێشانگایەكی تایبەت بە منداڵانی هەڵەبجە دەكاتەوەو هونەرمەند(عەباس عەبدولڕەزاق) وێنەی پێشانگاكە دەگرێت، ئەم ڤیدیۆیە دەبێت شوناسێكی گرنگ بۆ كورد، لەگۆگڵ بڵاودەبێتەوەو زۆر كاریگەری دەبێت، دوای ساڵانێكی زۆر دواجار پرۆڤیسۆر زیلان فەڕەنسی پەیوەندی بە هونەرمەند(عوسمان قادر)ەوە

بەمەبەستی دانانی کتێبێك لەسەر گێڕانەوەی جەنگ لەچاوی منداڵانەوەکاریگەری جەنگ لەسەر منداڵ لە سەد ساڵی رابردودا.



لەو کاتەیشدا ئێرانیش لە رێی کاك(حسێن سنجاری) نوێنەری یەکێتی لە تاران دانیشتنیان لەگەڵ کردووە لەسەر ئەوەی بەهۆی کیمیا بارانی هەڵەبجەوە رژێمی سەدام بۆ چەواشەکردنی رای جیهانی دەیەوێت

حکومەتی ئێرانی پێ تاوانبار بکات و بەم کارە هونەریانەی هونەرمەندانی کورد ئەو دەستەواژەیە سفر دەبێتەوەو جیهان دەزانێت تاوانباری سەرەکی رژێمی عێراقە.

بەو مەبەستەیش وێنەو تابلۆو هێڵکاریەکانیان بەملوێنانی لێ چاپ بکرێت و ژێر نوسی بە زمانی ئینگلیزی لەسەر چاپ بکەن و لە رێگەی قونسوڵ گەرییەکانیانەوە بە جیهاندا بڵاو بکرێنەوەو پەیمانیشیان دەدەنێ هاوکاریان بکەن هەتا بچنە وڵاتانی ئەوروپی.

ئەمەیش دەرفەتێك بۆ ئەم هونەرمەندانە دەکاتەوە، هەتا دواتر بەهۆی ئەوەی هاورێکانی فەرەنسا هەڵدەبژێن و ئەمیش سوید، بەهۆی شانسەوە ئەوان فیزە وەردەگرن و ئەم دەمێنێتەوە.

کاك(رێبوار سەعید) و (مامۆستا نازم) و (رەمزی قوتبەدین)و(ئەبو شەهاب)دەگەنە پاریس.

رێبوار سەعید و رەمزی قوتبەدین پێشانگا دەکەنەوە بەئامادە بوونی بەرێز(مام جەلال) و (فرانسۆ مێتەران)، بەرێز (مام جەلال) پرسیاری لێکردون عوسمان بۆچی نەهاتووە؟ کاتێك هۆکارەکەی زانیوە پەیوەندی پێوەکردووە بچێتە سوریا.

بەرەو سوریا دەچێت لەدیمەشق چاوی بە مام جەلال دەکەوێت و لە رێی ناوەندی رۆشنبیری کوێتەوە لەهوتێل شیراتۆن پێشانگایان بۆ دەکاتەوە بۆ کۆمەڵێك هونەرمەند و زیاتریش زۆربەی کارەکان هی ئەو بوون. لەگەڵ ئەوەیشدا تابلۆی هاورێکانی شاخ و ئاوارەیی ئێرانیشی نمایشت کردووە. بەرێز مام جەلال وەك هەمیشە پشتیوانی بووە، لەو کاتەیشدا نوێنەری یەکێتی ئاگادار دەکات بەپەلە کاری بۆبکەن هەتا بچێتە لەندەن.




هێڵکارییەکانی لە مۆزەخانەی بەریتانیا دادەنرێن.

دوای ئەوە لەلەندەنی پایتەختی بەرێتانیا نیشتەجی دەبێت و لە رێگەی تابلۆکانییەوە دەناسرێت و لەپێشانگایەکی تایبەت بە مێژوی ئەوروپی لەسەر جەنگ بەشداری دەکات و هەوڵدەدات کارە هونەرییەکانی بچنە بواری توێژینەوەو ئەکادیمییەوە و دەست بە خوێندنی ماستەر دەکات بەناونیشانی (یادەوەرییەکانی خۆم لە جەنگدا) دەتوانێت رێچکەی خۆی لە هێڵکاریدا بدۆزێتەوە. هەتا تابلۆکەی لە ژوری(ولیم تێرنەر) هونەرمەندی بەناوبانگی بەریتانی و جیهان دادەنرێت. لەمۆزەخانەی بەرێتانیا تابلۆکانی دادەنرێت ودەچێتە قۆناغێکی نوێوە لە هونەری هێڵکاری. پاش ماوەیەك هەواڵی پێدەدەن لە مۆزەخانەی(جەنگی ئیمپریالی بەریتانی) لەگەڵ دو گەلەری تردا بایەخیان پێداوەو دانراوە.

دوای ئەوە زۆریان هانداوە لەیادەوەری خۆی دەربچێت بۆ یادەوەری نیشتمان، بەو مەبەستەوە دەست بە دیکۆمێنت کردنی قوربانییەکانی ئەنفال دەکات، ئەوانەی لە نوگرە سەلمان رزگاریان بووە، لەماوەی پێنج

ساڵدا تێزی دکتۆراکەی تەواو دەکات  بەناونیشانی(دۆکمەنتکردنی یادەوەرییەکانی ئەنفال بـەهێڵکاری) بـە زیندوکردنەوەی یادەوەری پانزە کەسی رزگاربوی ئەنفال.

وێناکردنی ئازارو زوڵم.

لەزانکۆی پر برس لـە ئۆسـتراليا رێزلێنـان و بڕوانامـەی باشـترين هونەرمەنـدی وەرگرتـووە کـاری کردبێـت لەسەر وێنا کردنی ئازار و زوڵم و ستەمدیدە لە جەنگدا.

لەدوای پانزە ساڵ گەڕانەوەی لە بەریتانیاوە بەو هیوایەی خەونی بیست و  سـێ سـاڵ ژيـانی دەربـەدەری سەنتەرێکی رۆشنبیری بکاتەوە ببێتـە جێگـەی وتوێـژو نیشـاندانی کارەسـات و جینۆسـايد و ئەنفالـەکانی گەلێکی ژێر دەستە. پەیامێك لە رێی هێڵەکانەوە گێڕانەوەی چیرۆکی مەرگەساتەکان و زینـدو کردنـەوەی بەهای جوانی لەفۆڕمێکی سەردەمیانەی وێنەی هونەریدا، لەم ستۆدیۆ گەلەریەدا نیشان بداتەوە. هـەتا لـە روی مێژوییەوە بمێنێتەوە بۆ نەوەکانی ئاینـدە. مەڵبەنـدی کوردۆلـۆژی بکاتـە ناوەنـدێك نەهامەتییـەکانی گەلی کورد بخاتە بەردەمی جیهان، وەك ئەو پرۆژە تایبەتیانەی لـە بەیـەك گەیشـتنی کـەلتورەکان لەگـەڵ هونەرمەندانی جیهانیدا بە هاوبەشی ئەنجامیان داوە. هەمو ئەو هەوڵانە لای کەسانی رۆشنبیری رەسمـی و لایەنی پەیوەندیدارەوە بووە بەخەونی زڕو بەناچاری خۆی ئەم پرۆژەیەی کردەوە.

ئەم هێڵکاریانە وێنە تەعبیریەکی هەستیارن لەهەموو زەمەن و گۆڕانێکی هونەریدا نـوێن، لەگـەڵ هەسـت و سۆزو ناخ و بیرکردنەوەی خەڵکەکەدا دەبنە تازە لەدایك بویەك، دەبنـە زمـانی وەرگێڕانـی خـەون و هیـواو ئازارو ژانی مرۆڤایەتی بەبێ جیاوازی، پێکهاتەی تیشکی فیزیایی و تورەکەی گـەردونی شـتنەوەی فۆتـۆی هـەزاران هـەزار وێنـەی تەلێکسـی جەسـتەیی ئـەو مرۆڤانەیـە پێکـەوە لەسـاتێکدا زینـدە بەچـاڵ کـران، لەوێنەیەکەوە گڕکانێکی گەردونی دەردەخات، لەفەزای ناشیوەیی روانینەوە کراونەتەوە بەهێڵکاری و لـەم ژورەدا بە واقیعی وێنەییەوە جارێکی تر بەئاماژەو نیشانەو ئیقونـەی زەمـەنی سـفرەوە دوا فیلمـی جیهـان تەواو دەکەن.

لەرۆژنامـــەی کوردســـتانی نـــوێ پاشـــکۆی ئـــەدەب و هونـــەر ژمـــارە١٢٧٥ لـــە٢٠٢٣/٥/٢٥ و ژمارە(٨٩٣١)لە١/٦/٢٠٢٣ =ا بڵاوبۆتەوە.